# پەیوەندی نێوان كوڕان و كچان

# لە نێوان ڕێپێدراو و قەدەغەكراودا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی: سایتی خۆشكان
www.khoshkan.com

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( العلاقات العاطفية بين الشباب والشابات من منظور شرعي )

« باللغة الكوردية »

إعداد: موقع ( الأخوات )
www.khoshkan.com

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان

# لە نێوان ڕێپێدراو و قەدەغەکراودا

سروشتی پەیوەندی لە نێوان کوڕ و کچ پێش ژیانی هاوسەرێتی:

بێگومان شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام سنوری دیاری کردووە لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی نێوان کوڕ و کچ و لە سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویستیشمان صلى الله عليه وسلم هاتووەو پێویستە ئێمەش وەکو موسڵمان شوێنکەوتووی بین و بیگەیەنین بە نەوەکانمان لەپاش خۆمان، بۆ چاک سازی بارودۆخی خۆمان و ئوممەتەکەمان، بێگومان گەر پەیوەندی نێوان کوڕ و کچمان واز لێ هێنا بەبێ هیچ پابەندبوونێک بە سنورەکانی خوای گەورەوە ئەوا بێگومان ئوممەتی ئیسلامی بەرەو داڕوخانێکی ترسناک دەبات، وە ئایینی ئیسلامیش پەیوەندی نێوان کوڕ و کچانی بەیەکجار قەدەغە نەکردووە بەڵکو لەسنوری خۆیدا ڕێکی دەخات بێ ئەوەی توند بێت لەسەری یان پەتەکەی بۆ شل بکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی مامناوەندی لەنێوان هەردووکی.

ئایە چی ڕوو دەدات گەر پەیوەندی نێوان کوڕ و کچمان واز لێ هێنا بە سەرکەشی و بەبێ چاودێریکردنی سنوورەکانی خوا؟ بێگومان دەمان گەیەنێتە ئەوپەڕی خراپەکاری و داڕمانی کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێتە هۆیەکی سەرەتایی بۆ بەدڕەوشتی و سنوور بەزاندنی ئایین و ڕەوشتە بەهاکان.. ئێمەش زۆر لە کچان و کوڕان دەبینین لەم حاڵەتەن لەم ڕۆژگارەدا و هیچ ڕێنماییەکیان نیە دەستی پێوە بگرن، ئایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ قدوەو پێشەنگێکی چاک بۆیان؟ ئەمە چۆن ڕوو دەدات لەکاتێکدا ئێمەی موسڵمان هەمیشە پێشەنگ و قدوەمان لە کەسایەتی پێغەمبەری خۆشەویستمان دەبینینەوە، بەڵکو هۆیەکە بەلای ئێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوور کەوتنەوە لە ڕێبازی خوای گەورەو دوورکەوتنەوە لەو قدوەو

پێشەنگە چاکە و لەهەمان کاتدا خۆبەستنەوەو چاولێکردن لە کەسانی خراپ و خاوەن ژیانی سەرنەکەوتوو.

**ئەی دەربارەی خۆشەویستی چیە؟**

بێگومان خۆشەویستی بەرزترین و جوانترین شتە لە ژیاندا و ئایینی ئیسلامیش ئایینی لێبوردەیی و خۆشەویستیە لەناو تاکەکانی، ئەوەیشی ئێمە مەبەستمانە خۆشەویستیەکی پاک و دوور لە هەر خلّتە و بیَ ئەوەی لەپاش خۆی تاوان و خراپەکارییەک بەجیَ بهێلّیَ، وەکو خۆشەویستی موسلّمانێک بۆ براکەی یان خوشکەکەی، یان خۆشەویستی ئافرەتێک بۆ مێردەکەی و بەپێچەوانەوە، یان خۆشەویستی دایک بۆ مندالّەکانی و مندالّەکانی بۆ دایک وباوک ... هتد، وە گەورەترین خۆشەویستیش خۆشویستنی خوای گەورەیە کە لە خواپەرستی ڕەنگ دەداتەوە، وە هیچ کەست خۆش نەوێت بەئەندازەی خوای گەورە، لە خۆشویستنیدا کەسی بۆ بڕیار نەدەیت وەکو هاوەڵ ئەگینا گەر لە خوا زیاتر کەسێکت خۆش بوێت ئەوا هاوەڵت بۆ خوا بڕیار داوە هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: (ومن الناس من يتخذُ من دونِ اللّه أنداداً يحبونَهم كحب اللّه والذين آمنُواْ أشَد حبا للّه) (البقرة/ ١٦٥).

بەلاّم خۆشەویستی بەندەی موسلّمان بۆ بەندەی موسلّمان بێگومان هیچ تاوانێک نیەو حەرامیش نیە، بۆیە گەر موسلّمان کەسێکی خۆش ویست، چ کوڕێک کچێکی وەکو خوشک خۆش ویست یان بەپێچەوانەوە پێویستە لەبەر خوای گەورە خۆشی بوێت و لەبەر خو و ڕەوشتی بێت. بەلاّم چۆن لەپێناوی خوای گەورە خۆشی دەوێت؟ بەلیّ، دەتوانیّ لەپێناوی خوای گەورە خۆشی بوێت بەو شێوەی کەوا ڕەزامەندی خوای مەبەست بێت لەم خۆشویستنەدا و سنوری خوا بپارێزێت تیایدا، چونکە هەمووومان دەزانین خوای گەورە بەرنامە و ڕێبازێکی بۆ دیاری کردووین لە ژیاندا پەیڕەوی بکەین هەر وەک دەفەرموێت: (وأن هـذَا صراطي مستَقيما فَاتبِعوه ولاَ تَتبِعواْ السبلَ فَتَفَرقَ بِكُم عن سبِيله ذَلِكُم وصاكُم بِه لَعلكُم تَتقُون) (الانعام: ١٥٣)، واتە ڕێگای خوا تەنها ڕێبازێکە کە کردویەتی بە بەرنامە و مەنهەجی ژیانی مرۆڤەکان و هیچ لار و خێچێکی تیادا نیە و پێویستە لەسەر کچان و

کوڕان شوێنی ئەم ڕێبازە ڕاستە بکەون، بۆیە گەر شوێنی کەوتن و لەسەری ڕۆشتن ئەوا ڕەزامەندی خوای گەورە وەدەست دێنن لەبۆ دونیا و دواڕۆژ، خۆ ئەگەر لێی لا بدەن و بچەرخێن و ڕێچکە و ڕێبازی تریان گرتەبەر بۆ ژیانیان ئەوا جیابوونەتەوە لە ڕێبازە تاکەکەی خوا و چەرخاون لێی، وە دەمێننەوە بەگومڕایی دوور لە ڕێنمایی خوای گەورە. وە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ دا پێویستە تێنەپەڕێ لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی چاک نواندن بەرامبەر یەکتر کەوا خوای گەورە داوای دەکات لێمان، وە بۆ نمونەش دەبینین پێغەمبەر موسا (علیه السلام) کاتێک ڕێگەی دەکەوێت بە بیرە ئاوێک لەوێ چاوی دەکەوێت بە دوو ئافرەت کە توانایان نیە ئاو بە ڕانە مەڕەکەیان بدەن ئەمیش یارمەتییان دەدات و ئاوەکەیان بۆ دەهێنێتە دەر تاکو ڕانەکەیان تێر ئاو بدەن، بەڵام گەر پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ سنوری خوای بەزاند لە مامەڵەو هەڵسوکەوتکردن لەنێوانیان، ئەوا دەست درێژی‌یەکە بەسەر داواکارییەکانی ئایینی ئیسلام و دەرچوونێکە لە فەرمانەکانی خوای گەورە.

خوای گەورەش داوا دەکات لە پیاو و ئافرەت خۆیان بڕازێننەوە بەجوانترین خوو ڕەوشتی چاکە تاکو پیاو و ئافرەتەکە ببنە دوو ئەندامی چالاک لەناو کۆمەڵگەدا، وە ئایینی ئیسلامیش چاودێرێ ئەو جیاوازی‌یە سروشتی‌یانەی کردووە لەنێوان پیاو و ئافرەت دا، هەروەها کار و پیشەی نێر و مێ، بۆیە دەبینین ئافرەتان تایبەت مەند دەکات بە کۆمەڵێ ئاداب و ڕەوشتی تایبەت تاکو خۆیان و مەکانەتیان بپارێزێت و دەست درێژی نەکرێتە سەریان لەلایەن پیاوانی سوک و خراپەوە..

**خۆشەویستی پێش ژیانی هاوسەرێتی:**

خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ پێش پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی بەهیچ شێوەیەک دروست نیە هەرچەندە لەم ڕۆژانەدا بەدی دەکرێت، وە لەم پەیوەندی‌یانەدا دەبینی کوڕان و کچان دەکەونە ناو کۆمەڵێ کاری قەدەغەکراو کەوا ئایینی ئیسلام ڕێی لێ گرتووەو ڕێی پێ نەداوە،

بەداخەوە دەبینی (چ لە کوردستان چ لە ڕۆژئاوا) گەنجان لە کوڕان و کچانی کورد بە نهێنی پێکەوە پەیمان لەنێوان خۆیان دەبەستن بەناو (خۆشەویستی) و لەلایەکی ترەوە پێکەوە قسە دەکەن و ژووان دادەنێن و تێکەڵاوی دروست دەکەن، وە پەیوەندی و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ یان لەڕێی نامەو تەلەفۆنەوە دروست دەکەن و دەیڕازێننەوە بە قسەی شیرین و نەستەق کەوا نەفس و دەروون لاواز دەکات لەبەردەم هەواو هەوەس و شەهەوات و داواکاری‌یەکانی، پاشان بەداخەوە لەلایەن کچەکەوە زیاتر نەرم و نیانی دەنوێنێت لە قسەکردنی لەگەڵ کوڕەکەو سەرەڕای ئەوەش سەیرکردن و ڕوانینیان بۆ یەکتر کەوا مەگەر خوا بزانێت ئەم تاوانی سەیرکردنەیان بۆ یەکتر چەندەو چەند لەسەر خۆیان کۆ دەکەنەوە، چونکە مرۆڤ تەنانەت بە سەیرکردنی حەرامێک پێی تاوان بار دەبێت وبەڵکو لەوانەیە بەسەیرکردنی تاوانێک بەچاوی سووک و بێ بایەخەوە تاوانبار بێت، هەروەها لەوانەیە کچ و کوڕەکە ئەم پەیوەندیە (خۆشەویستی)یە دروست دەکەن بۆ ئەوەی لەبەردەم کۆمەڵگەدا خۆشەویست بن و بەچاوێکی بەزەیی و دۆستانەوە سەیر بکرێن، بەڵام گەر ئەمە ڕاست بێت ئایە خۆشەویستییەکەیان لەبەردەم خوای گەورە هیچ شەفاعەت و یارمەتی‌یەکیان دەدات؟ گەر خۆشەویستی ببێتە هۆی ڕاکێشانی کچ و کوڕ بۆ تاوان و سەرپێچی خوای گەورە ئەوا وەکو وایە کەوا هاوەڵت لە خۆشەویستی خوا بڕیار دابێت واتە (ند)ێکت بڕیار داوە وەکو پێشتر باسمان کرد، لەکاتێکدا خوای گەورە هیچ کات پێویستی بەوە نیە کەسانی تری لەگەڵ شەریک بکەیت لە خۆشویستنی دا.

پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت: (إياكم والدخول على النساء فوالذى نفسي بيده ما خلا رجل بامرأة إلا دخل الشيطان بينهم) (رواه الطبراني)، واتە: ئەممان هیچ کات مەچن بەسەر ئافرەتان و تێکەڵیان مەبن، سوێند بەو خوایەی ڕۆحی منی بەدەستە هیچ پیاوێک جیا نابێتەوە لەگەڵ ئافرەتێک و بەتەنها بین دوو بەدوو مەگەر شەیتان سێ هەمیان نەبێت. جا خوشک و براکانم خۆ دەزانن گەر شەیتانیش بچێتە

نێوان کوڕ و کچێک بەرەو چ تاوانێک هەوڵ دەدات ڕایان بکێشێت و چ ئیغرائێک دەخاتە ئەو دانیشتن و چاوپێکەوتنەیان؟ ئایینی ئیسلامیش قەدەغەی کردووە کەوا تەنهایی دروست ببێت لەنێوان پیاو و ئافرەتێکی نامەحرەم تاکو توشی فتنە نەیەن و ئافرەتەکە بپارێزێت لەوەی تاوانێک ڕوو بدات کەوا خوای گەورە حەرامی کردووە چ قسە و سەیرکردن بێت یان لەوە زیاتر بێت.. هەمووشمان دەزانین غەریزەی جنسی لەهەوو غەریزەیەک بەهێزترە لەناو مرۆڤدا بێ شک، وە مانەوەی کوڕ و کچێک بەتەنهایی و دوو بەدوو نەفس و دەروون دەبزوێنێ و هەردوو لا ڕاپێچ دەکات بەرەو تاوان، بۆیە پێویستە هیچ کات پیاو و ئافرەتێک بە تەنها و دوو بە دوو نەمێننەوە مەگەر بەئامادەبوونی یەکێک لە مەحرەمەکانی کچەکە نەبێت لەگەڵ ئەوەی هەردوو لا چاو بپارێزن و هەر ئەوەش پارێزەر و پاکترە بۆدڵ و دەروونی هەردوولا.

خوای گەورەش دەفەرموێت: (قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ) (النور ٣٠) واتە: (ئەی محمد بڵێ بە پیاوانی باوەڕدار با چاوی خۆیان بگرنەوە لە سەیرکردنی حەرام و هەروەها داوێنیان بپارێزن، ئەمە پاک و پاککەرەوەیە بۆیان و خوای گەورەش ئاگادارە چی دەکەن)، بۆیە لێرەوە دەبینین پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ پێش پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی قەدەغەیە تەنانەت ئەگەریش پەیمانیان دا بەیەکتر کەوا لەداهاتوودا بەیەک ڕازی بن و ژیان پێکەوە بنێن، وە دەبێت ئەوەش بزانین کەوا خۆشەویستی نیە بەبێ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی.. لەکاتێکدا خۆشەویستی خۆی مەبەستێکی بەرز و جوانە و هەستێکی پاک وپێگەردە، بەڵام بەمەرجێک گەر لەشوێنی تەواوی خۆی بەکارهێنرا وەکو: خۆشویستنی خوای گەورەو پێغەمبەر و خێزان و خزم و کەسوکار و هاوسەر و منداڵ و ... هتد. بەڵام کێ لە ئێمە گەر کەسێکی خۆش بوێت بیری لێ ناکاتەوەو خەیاڵی بۆی ناڕوات بۆ یادکردنی خۆشەویستەکەی و خو و سیفاتەکانی ناهێنێتە یاد تاکو وەکو دەڵێن ئاگری شەوق و یادکردنی دانەمرکێنێتەوە؟ پرسیارەکەشم لە ئێوەی

**خۆشک و برایانم ئەوەیە ئایە هەموو ئەمانە ڕوو دەدات بەبێ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریێتی؟؟**

**چ کات خۆشەویستی دەتوانین ڕابگەیەنین؟**

**بێگومان خۆشەویستی ڕێی پێ دراوەو حەڵاڵە گەر بەشێوەیەکی ڕاست ئەنجام درا (مەبەستم ئەو خۆشەویستی‌یە نیە ئەمڕۆ لەنێوان کوڕ و کچ بانگەشەی بۆ دەکرێت) بەڵکو وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، وە هەر ئەو خۆشەویستی‌یە قەدەغە دەبێت و حەرام دەبێت گەر غافڵ بوین و دوورکەوتینەوە لە ڕێبازی خوا و پێغەمبەرەکەی، تەنانەت خوای گەورە ڕێی نەداوە بە ئافرەتانی موسڵمان کەوا پەیوەندی‌یان هەبێت پێش ژیانی هاوسەریێتی لەگەڵ پیاوان لە شێوەی دواندن بە ناز و لارو لەنجەوە قسە بکات و سەرنجی پیاوان ڕابکێشێت، هەروەک خوای گەورە فەرمانیکرد بە خێزانەکانی پێغەمبەر:** يا نساء النبي لَستُن كأحد من النساء إن اتقَيتُن فَلَا تَخْضعن بِالْقَول فَيطْمع الذي في قَلْبِه مرض وقُلْن قَولًا معروفًا) (الأحزاب ٣٢)، **ئەمەش ئاداب و ڕەوشتێکە کەوا خوای گەورە فەرمانی کرد بە خێزانەکانی پێغەمبەر چونکە ئەوان قدوەو پێشەنگێکن بۆ هەموو ئافرەتانی ئوممەتی ئیسلام، وە خوا دەفەرموێت:** (فلا تخضعن بالقول) **واتە: بەشێوەیەکی نەرم و بەناز و لەنجەو لارەوە قسە مەکەن لەگەڵ پیاواندا (مەبەست لێرەدا پیاوی نامەحرەم)، هەروەها خوا دەفەرموێت:** (وقلن قولاً معروفاً) **واتە: کاتێک ئەدوێن قسەی چاک و باش و جوان بکەن وە نەکەن لەگەڵ پیاوێکی نامەحرەم بەشێوەیەک بدوێن بەناز و نەرمی و لەنجەو لارەوە هەروەک چۆن ئافرەتێک لەگەڵ مێردەکەی خۆی دەدوێت، بۆیە ئەی خوشکی خۆم ئاگاداربە و خۆت دوور بخەرەوە لەوەی قسەی نەرم و بەناز دەربخەیت و خۆشەویستیت دەرببڕیت بۆ کوڕێت یان پیاوێک تەنها بۆ مێردەکەت نەبێت، واتە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و قسەی نەرم و ... بەشێکە لەو جۆرە قسانەی خوای گەورە بەحەرامی داناوەو لە ئایەتەکەدا هاتووە بە دەقێکی ڕوون و ئاشکرا.**

**بۆیە خوشکەکەم ئەمان هەزار ئەمان.. وریابە لەوەی خۆت تووشی**

ئەم تاوانە بکەیت لەکاتێکدا پێی نازانیت و هەستی پێ ناکەیت، بەڵکو خۆت بڕازێنەوە بە ڕەوشت و خوڵقی ئافرەتی موسڵمانی باوەڕدار، وە خۆت و ئایینەکەت بپارێزە، وە لەکاتی قسەکردن و دواندنیشا بەشێوەیەکی سەنگین و ڕاست و پێکاو بدوێ نەوەک ئەو کەسانەی گوێیان لە قسەکانتە و خاوەن دڵ ودەروون و نەفسێکی لاواز بن و تووشی فتنە بن و هەستێکیان بەرامبەرت بۆ دروست بێت.. وە بێگومان گەر کاتێک قسەو ووتەی خۆشەویستی و هەستی خۆت دەردەبڕی بۆ کوڕێک لەهاوتەمەنی خۆتدا و بەتەنها بن یان نا، ئەوا هەرچی هەست و مەشاعر و غەریزە و داخوازییە خەوتووەکانی ئەو کوڕە هەیە جوڵاندووتەتەوە. وە هەموو ئەم کارەش لەجێی خۆی نیە و نابێت بکرێت، هەروەها گەر کوڕەکە هەمان کاری بەرامبەرت ئەنجام دا و نزیک بوویەوە لێت بە قسەی پڕ لە ووشەی ناسک و خۆشەویستی کەوا هەست و مەشاعر دەجوڵێنێت، بێگومان بەم کارەش تۆ توشی تاوانێک دەکات و لەداهاتوی ژیانتدا تووشی چەندەها کێشەت دەکات، وە هەرکەسیش گومانی وایە کەوا دەتوانێت هەواو هەوەس و داخوازیەکانی خۆی بگرێت ئەوا باشتر وایە دەربڕینی ئەو هەست و خۆشەویستی و مەشاعەرانەی هەڵبگرێت بۆ پاش ژیانی هاوسەرێتی و بۆ هاوسەری خۆی دەرببڕێت و ئەویش بۆ ئەمی دەرببڕێت نەوەک هەردوولا لەپێش ژیانی هاوسەرێتی چەندەها تاوان و خراپەکاری ئەنجام بدات و هیچ کات بڕوا و متمانە بە هاوسەرەکەی نەکات و هێلانەی خێزانییان بەبچوکترین ڕەشەبای ڕۆژگار هەڵبوەشێتەوە.

وە هەر گەنجێکیش نەتوانێت ژن بهێنێت باشتر وایە ڕۆژووبگرێت تاکو خوای گەورە دەروویەکی لێ دەکاتەوەو ئافرەتێکی چاکی پێ دەبەخشێت، ئەویش شوێنکەوتنی فەرمانی پێغەمبەری خۆشەویستمانە (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت: (يا معشر الشباب من أستطاع منكم الباءة فليتزوج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء) (رواه البخاري). واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجان گەر هەر کەسێکتان توانای هەیە با ژن بهێنێت، وە کێش توانای نیە با ڕۆژوو بگرێت چونکە ڕۆژوو قەڵغان و پارێزەرە بۆی لە تاوان.

چونکە ڕۆژوو دەروون و نەفس دەپارێزێت، وە گەر سەبر و ئارامیش بگریت ئەوا پاداشتت لای خوای گەورەیە، وە تۆش بەم ڕۆژووگرتنە نەفس و دەروونت هێناوەتە ژێر رکێفی خۆت و ملکەچی خوای گەورەت کردووە و ئەوەیش بەشێکە لە جیهاد و تێکۆشانی نەفس و پاداشتێکی گەورەی هەیە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (والذين جاهدوا فينَا لَنَهدينهم سبلَنَا) (العنكبوت ٦٩) واتە: ئەو کەسانەی لەپێناوی ئێمە هەوڵ کۆشش و جیهاد دەکەن ئەوا ڕێی ڕاستیان نیشان دەدەین و ڕێنموییان دەکەین.

**لە کۆتاییدا/ سەبارەت بە هاوڕێیەتی نێوان کچ و کوڕ:**

خوای گەورە لە وەسفی ئەو ئافرەتە باوەڕدارانە دەفەرموێت: (ولاَ متخذَات أَخْدانٍ) (النساء ٢٥) وە مانای (لا متخذان اخدان) واتە هاوڕێ و دۆستییان بۆخۆیان دیاری نەکردووە (بەشاراوە بێت یان ئاشکرا)، لەم ئایەتەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا کچ بۆی نیە برادەر و دۆستێکی کوڕی هەبێت، کاتێکیش خوای گەورە ڕێی پێ نەداوە حیکمەتێکی تیادایە، چونکە کچ خاوەن سۆز و هەستێکی بەرزە و گەر کەوتە ناو پەیوەندییەک لەگەڵ گەنجێک و ئەم گەنجە خەڵەتاندی و پەیمانی پێ دا کەوا ببێتە هاوسەرێکی باشی و کچەکەش پێی ڕازی بوو وە پاش ئەوە کوڕەکە خەڵەتاندی و پاشگەز بوویەوە لە پەیمانەکانی و (لەوانەیشە تۆڵە و زیانێک بگەیەنێت بە کچەکە) لێرەدا کاریگەرییەکی زۆر خراپی نێگەتیڤ دەکەوێتە سەر کچەکە و برینێکی قووڵ بەجێ دێڵێت لە دەروونیدا کەوا زەحمەتە ساڕێژ ببێتەوەو تووشی کێشە و ڕوخاندنی دەکات، وە خوای گەورە لە خۆمان زیاتر بەرژەوەندی و سوودی ئێمەی دەوێت وەک لەخۆمان، بۆیە پێویستە پابەند بین بە فەرمانەکانی و خۆمان دوور بخەینەوە لە قەدەغەکراوەکانی و ئامانجمان ڕەزامەندی خوا بێت پێش هەموو شتێک.

وە خوای گەورەش دەیەوێت ئێمە دوور بخاتەوە لە هەواو هەوەسی نەفسمان و بمان پارێزێت لە شەهەوات و تاوان وهەر فتنەیەک بە داخستنی هەموو ڕێگاکانی، جا هاوڕێیەتی ودۆستایەتی نێوان کچ و کوڕ

زەوی‌یەکی ئامادەکراوە بۆ شەیتان و دەرگایەکی کراوەیە بۆی، تاکو بێتە ناو ناخمان و هەرچی پابەندبوونمان هەیە بە ئیسلامەوە لەڕەگە وردە وردە دەری بهێنێت و دوورمان بخاتەوە لە ڕێگای ڕاست هەر وەک چۆن بووە هۆی دەرچوونی دایە حەوا و باوە ئادەم لە بەهەشت، وە هەر وەک چۆن خۆی سەرەنجامی ناو دۆزەخە هەتا هەتایی بۆیە دەیەوێت ئێمەش بباتە ناو گومڕایی و تاریکی وپاشان تاوان و دوورخستنەوەمان لە ڕێگای ئیسلام و تاکو ئێمەش وەکو خۆی ببینە سوتەمەنی ناو دۆزەخ و زۆرترین ڕێژە لە وەچەی ئادەم ببات لەگەڵ خۆی بەرەو ئاگر.

وە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی باسەکەمان، گەر سەیری هاوڕێیەتی و برادەرایەتی کچ و کوڕ بکەین ئەوا هەموو تاوان و سەرپێچی‌یەک دەبینین، هەر لە خەڵوەت و بەتەنها مانەوە لەگەڵ یەکتر وتاوانی سەیرکردن و نەزەر، وە دەربڕینی قسەی نەرم و هەست و خۆشەویستی بۆ یەکێک کەوا خوا ڕێی پێ نەداوە و بە دەقی ئایەت حەرامی کردووە، هەروەها تاوانی زیاتر کەوا مەگەر خوا بیزانێت، وە ئێمەش وەکو میللەتی کورد میللەتێکین خاوەن ئایین و ڕەوشت و کلتوری کوردەواری خۆمانین چ لە کوردستان بین یان لە ئۆروپا وئەمریکا، وە هیچ کات کلتوری کوردەواریشمان ڕێگەی نەداوە بەم جۆرە پەیوەندی و خۆشەویستی و هاوڕێیەتی‌یەی نێوان کوڕ و کچ هەرچەندە ئەمڕۆ بڵاوبووەتەوە لەنێوان گەنجان لەم ڕۆژەدا چ لە قوتابخانە و زانکۆ و فەرمانگەکان و هەروەها شوێنانی تر..

لە کۆتاییدا داواکارین لە خوای گەورە ڕێی ڕاستی بەهەمووومان نیشان بدات و پێویستە لەسەرمان لە خوا بترسین و سنوورەکانی خوا بپارێزین، خوای گەورەش دەفەرموێ: (ومن يتق الله يجعل له مخْرجا (٢) ويرزقْه من حيثُ لَا يحتَسب) (سوره الطلاق الآية: ٢-٣). واتە: گەر کەسێک لەخوا بترسێت (ولەترسی خوا کارێک ئەنجام نەدات) ئەوا خوای گەورە دەرگایەکی بۆ دەکاتەوەو ڕزگاری دەکات و هەروەها بەشێوەیەک ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کەوا ئەو کەسە خۆی پێی سەیر بێت.